**ا- باسی پیداچوونەوە بکە وەکو ڕێگایەکی تانەلێدان**

**ب- بنەما سەرەکییەکانی دادگاییکردن بنوسە**

**پ٤-**

**ا- جۆرەکانی تەمییز بژمێرەو باسی بکە بەکورتی**

**ب- داخستنی داوا بەشێوەی کاتی وئازادکردنی تۆمەتبار شرۆڤە بکە**

---

**وەڵامی پرسیارەکان:**

**پ١/**

1. **حوکم (الحکم): ئەو بریارەیە کە لەلایەن دادگا دەردەچێت دوای ئەنجامدانی دادگاییکردن، کۆتایی بەداوا دەهێنێت وکێشەکە یەکلاییدەکاتەوە، بەئازادکردن یا دیاریکردنی سزای بڕیاردراو لەدژی.**
2. **فەرمانی سزایی: سیستەمێکی یاساییە بۆ یەکلاییکردنەوەی داوا سزاییە سادەکان لەتاوانەکانی سەرپێچی (مخالفە) کە تیایدا بڕیارەکان لەسەر پەڕاوی داوا دەنوسرێتەوە بەبێ دانیشتنی دادگا وبێ ئامادەبوونی تۆمەتبار.**
3. **دووبارەکردنەوەی دادگاییکردن: ڕێگایەکە بۆ تانەگرتن لەو حوکمانەی پلەی کۆتاییان وەرگرتووە هەروەها بەتاوانبارکردن دەرچوونە لەتاوانی کەتن یان تاوان (جنحە أو جنایات) بۆ مەبەستی دووبارە دادگاییکردنەوەی حوکمدراو ئەگەر یەکێك لەو حاڵەتانە بەدیکرا کە یاسا دیاری کردووە.**
4. **پێداچوونەوە ( تەمییز): ڕێگایەکە بۆ تانەگرتن لەو حوکمانەی کە بەشێوەی ڕووبەڕوو (حضوری) دەردەچن یاسا ئەو لایەنانەی دیاریکردووە کە داوای پێشکەش دەکرێت هەروەها ئەو لایەنانەی کە سەیری تانەی تەمییز دەکات**

**پ٢/**

**ا- ڕاستە**

**ب- هەڵەیە. داوای تێروتەسەل (غیر موجزە)**

**ج- هەڵەیە. (٣) ڕۆژە**

**د- ڕاستە**

**پ٣/**

